www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:07 9-7-2006

**حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان لەبەردەم کۆمەڵێ پرسیاردا ... عوسمان کاروانی**

لە دوای ئەنجامدانی راپەرینە مەزنەکەی گەلی کورد و تێپەڕبوونی (15) ساڵ بەسەریدا وهەروەها رووخانی رژێمی بەعس، کورد لە کوردستانی عێراقدا بە چەندین ئەزموونی تاڵدا گوزەری کرد، هەر لە شەڕە کوردکوژییەکەی (پەکەکە) و شەڕی نەگریسی ناوخۆ کە چەندین گەنج بوونە قوربانیی گرتنی (کەپکی حەمەد ئاغا و کلاو قاسم) ، کە ئەمەش رۆژ بەرۆژ زامەکانی ناوخۆی خۆمانی پڕ سوێتر دەکرد، هەموویشی خەبات بوو لە پێناو پاراستنی کورسی و مێزدا، کە قەرار نییە تا سەر بۆ کەس بێ و کەسیش تا سەر بتوانێ خۆی بە خاوەنی بزانێ، لە دوای دابەشبوونی حکومەتی هەرێم بە دوو بەشەوە و پەککەوتنی پەرلەمان لە قۆناغەکانی رابردوودا تا وای لێهات وڵات خەریك بوو بە تەواوی بەرەو وێرانی دەرۆیشت و گەنجەکان پۆل پۆل بەرەو هەندەران کۆچیان دەکرد و زانکۆکان و خوێندنگاکان قەدری خۆیان لەدەست دابوو لە شوێنێ ئەوان خێڵ و عەشیرەت رێزی پەیدا کردبوو.
لە دوای دەیان دانیشتن لە قەڵاچوالان و مەسیف و دوکان و هەولێر و سلێمانی و کۆیە، هەردوو هێزی دەسەڵاتدار توانییان بڕیارێك بدەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان پاشان یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە لە کوردستاندا، هەرچۆنێك بوو هەڵبژاردنێك ئەنجام درا بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەگەرچی بەداخەوە لەو هەڵبژاردنەدا هەردوو هێزی دەسەڵاتدار لە یەك لیستدا بوون و هەڵبژاردنەکەش بە گشتی لە کەش و هەوایەکی تارادەیەك دیموکراسیدا بوو، ئەگەرچی سەرنج و قسە زۆر بوو لەسەر هەڵبژاردنەکە، بەڵام کورد دەڵێ زەرەر لە نیوەشی بگەڕێتەوە باشترە، بۆیە خەڵکی کوردستان بە گشتی تروسکاییەك رووی تێ کرد و هیوایەکیان بۆ گەڕایەوە.
دوای تێپەڕبوونی (ساڵێك) بەسەر ئەو هەڵبژاردنەدا حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان پێك هات، کە جەماوەر بە گشتی بە گومانەوە دەڕوانێتە کاری ئەم کابینە، چونکە نازانرێت کە ئایا ئەو گەندەڵی و رۆرتینیاتەی لە کابینەکانی پێشوودا هەبوو هەر بەردەوام دەبێ یان چاکسازییەکی ریشەیی تێروتەسەل سەرهەڵدەدات، بۆیەئەم کابینە نوێیە لەبەردەم چەندین پرسیاری چارەنووسسازدایە. لەوانە ئەم کابینە نوێیە دەتوانێ بەرنامەکانی لەناو چوارچێوەی ژوورە داخراوەکاندا دەربهێنێ و سود لە هەر کەسێك وەربگرێ کە توانایەکی تایبەتی هەبێ لەو بوارەی کە ئەو دەیەوێت، یان ئایا دەتوانێ واز لە خزمایەتی بهێنێ یان فلان و فیسارێك وازی لێ بهێنێ، کە لەخۆیانەوە هەموو کارێکیان بۆ ئاسان بکرێت و خەڵکی تریش سەیری خزم و کەس و کاری ئەوان و فلان و فیساری ئەوان بکات؟!
ئایا هەروا دەمێنێ، یان دادگەری لەم کابینەیەدا پیادە دەکرێت؟ ئایا ئەم کابینەیە دەتوانێ نەوەی نوێ دڵخۆش بکات و وایان لێ بکات خۆیان بە خاوەنی ئەم خەڵك و خاکە بزانن یان بۆشاییەکانی نێوان نەوەی نوێ و حکومەت هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە؟
ئایا کابینەی نوێ دەتوانێ واز لە بەرژەوەندییە حیزبییەکان بهێنێ لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی خەڵك و خاکی کوردستان؟ یا هەر بڕیارێکی ئەم کابینەیەش لە مەسیف و قەڵاچوالان دەبێت؟ ئایا کابینەی نوێ دەتوانێ واز لە بڕیارە تایبەتییەکان بهێنێ بۆ کۆمەڵێ کەسی تایبەت؟
ئایا ئەم کابینەیە دەتوانێ دڵی گەڕەکە هەژارنشینەکان خۆش بکات و حەق بۆ ئەنفالکراوەکان بکاتەوە و دڵنەوایی خەڵکی کیمیابارانکراو بکات؟
ئایا ئەم کابینەیە دەتوانێ ماف بۆ ئەو قوتابیانە بگێڕێتەوە کە بە پلەی یەکەم و دووەم کۆلیژیان تەواو کرد و لە خوێندنی باڵا وەرنەگیراون، چونکە سەر بە حیزبی دەسەڵاتدار نەبوون؟

ئایا کابینەی نوێ دەتوانێ پشتگیریی ئەوە بکات کە یاسایەکی تایبەت بە رێکخراوەکان دەربچێ و رێکخراوی سەر بە دەسەڵات نەمێنێ، هەموویان بە یەك چاو سەیر بکرێن و بچنەوە ناو توێژەکانی خۆیان و خزمەت بە خۆیان توێژکەیان بکەن؟

پێم وایە ئەم کابینەیە ئەخیر هیوا و تروسکایی خەڵکی کوردستانە گەر نەتوانێ وەڵامی سەرجەم پرسیاری چین و توێژەکان بداتەوە و نەچێتە خزمەتی خەڵك و خاکی کوردستانەوە، ئەوا ئەمیش دەچێتە مۆزەخانەی مێژوو، پاشان هەروەکو توحفەیەك سەیر دەکرێت.